
# Be Like amazon




By The New York Times Bestselling Authors

**Jeffrey and Bryan Eisenberg
with Roy H. Williams**

## پوختەی کتێبی وەک ئەمازۆن بە

**وەک ئەمازۆن بە**

**تەنانەت فرۆشیارێکی لیمۆنادیش دەتوانێت وەک ئەمازۆن بێت**

نووسەر: جێفری و برایان ئایزنبرگ

ژمارەی لاپەڕە: ١٣٠

**دەربارەی نووسەر**

جێفری و برایان ئایزنبرگ، شارەزایانی بازاڕکردن و خزمەتگوزاریی کڕیارانن، نووسەری کتێبی پڕفرۆشی "هەمیشە لە تاقیکردنەوەدابە؛ چاوەڕێی دەنگی پشیلەکەت بکە و کردار ئەنجام بدە"ن. ڕۆی ئێچ ویلیامز کتێبی سێ بەرگی پڕفرۆشی "جادووگەرانی ڕیکلام"ی نووسیوە.

**خاڵە سەرەکییەکانی کتێب**

- ڕاهێنەرێکی خەیاڵی و خوێندکارەکەی لەبارەی بنەماکانی کۆمپانیا سەرکەوتووەکانەوە گفتوگۆ دەکەن.
- ئەوان دەگەنە ئەو ئەنجامەی کە ئەمازۆن، کۆستکۆ و کۆداک وانەی کاری بەنرخ پێشکەش دەکەن.
- هەر کۆمپانیایەکی سەرکەوتوو بەپێی "بنەما یەکخستووەکان" یان "ستوونە بەردینەکان"ی خۆی دەژی.
- لەنێوان چوار جۆر کاری "مەلەوانان، شەپۆلسواران، نوقمبووان و کەشتیوانان"دا، تەنها کەشتیوانان سەرکەوتوو دەبن؛ چونکە کۆمپانیاکەیان لەسەر بنەمای بنەماکانی خۆیان ڕێنمایی دەکەن.
- کۆداک لە ساڵی ١٩٨٨دا، ١٤٥ هەزار کارمەندی هەبوو و داهاتەکەی لە ساڵی ١٩٩٦دا گەیشتە ١٦ ملیار دۆلار، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢دا ئیفلاسی کرد.
- بنەما یەکخستووەکانی هەر کۆمپانیایەک، کارەکانی دیاری دەکەن.
- بنەما یەکخستووەکانی ئەمازۆن بریتین لە: "کڕیار-تەوەری، باشترکردنی بەردەوام، دروستکردنی کولتووری داهێنان و جووڵەیی کۆمپانیا".
- کۆستکۆ زیاتر لە هەر فرۆشیارێکی تری جیهان گۆشتی پلە یەک، خۆراکی ئەندامی، مریشکی سوورکراوە و شەراب دەفرۆشێت.
- "یاسای دوو پیتزا"ی ئەمازۆن دەڵێت تیمەکان دەبێت ئەوەندە بچووک بن کە دوو پیتزا هەموو ئەندامانی تیمەکە تێر بکات.
- ڕیکلامی باش هەمیشە تەرکیزی لەسەر کڕیارە.

**ئەوەی لەم پوختەیەدا فێری دەبیت**

١ .بۆچی ئەمازۆن ئەوەندە سەرکەوتووە.

٢ .بۆچی کۆمپانیاکەت پێویستی بە بنەما یەکخستووەکان هەیە.

٣ .ڕیکلامی دەم بە دەم چ یارمەتییەک بە کارەکەت دەگەیەنێت.

دوو برا و ڕاوێژکاری بازاڕکردن بە ناوەکانی جێفری و برایان ئایزنبرگ لەگەڵ ڕۆی ئێچ ویلیامزدا بنەماکانی کاری ئەمازۆن لە زمانی دوو گەشتیاری خەیاڵییەوە لەسەر جادە تاوتوێ دەکەن. ئەم کتێبە گفتوگۆیەکی درێژە لە نێوان پیاوێکی بەتەمەن بە ناوی پوبا و خوێندکارە گەنجەکەیدا، سەنشاین. نووسەران ئاماژە بەو چاوپێکەوتنانەش دەکەن کە لەگەڵ جێف بێزۆس، بەڕێوەبەری جێبەجێکاری ئەمازۆن، ئەنجامدراون و هەروەها لەبارەی کۆمپانیا ناسراوەکانی وەک کۆداک، وۆڵمارت، سیرز، جەنەراڵ مۆتۆرز و کۆستکۆش قسە دەکەن.

ئەم دوو گەشتیارە بۆ بینینی ئەڵماسی جەواهرفرۆشیی کێسلەر لە مێنۆمۆنی فۆڵزی ویسکۆنسن دەڕۆن و سەردانی کۆمپانیای ئامێرەکانی گەرمکردنەوە و فێنککردنەوەی مۆریس-جێنکینز لە شارلۆتی کارۆلینای باکووریش دەکەن. ئەوان بە ڕوونکردنەوەی بنەما یەکخستووەکانی ئەم ڕێکخراوانە، خاڵی بەڕێوەبردنی بەسوود پێشکەش دەکەن.

ئەم گفتوگۆ سادە و هۆشیارکەرەوەیە بۆ خوێندکاران و مامۆستایانی کار، بەڕێوەبەران و خاوەن کارەکان سەرنجڕاکێش و بەسوودە.

**گەشت لەسەر جادە**

پیاوێکی بەتەمەن بە ناوی پوبا و خوێندکارە گەنجەکەی سەنشاین لە ڕێڕەوی گەشتەکەیاندا لە قاوەخانەیەکی ستارباکسدا دەوستن. پوبا بۆ دوو کوپ قاوە ٢٠ دۆلار بە گارسۆنەکە دەدات و پێی دەڵێت باقیی پارەکە بۆ خۆی هەڵبگرێت. سەنشاین هەرگیز تێناگات بۆچی پوبا ١٠ دۆلار بەخشیشی بە کەسێکی نامۆ داوە. پوبا دەڵێت حەز دەکات خەڵک بە کارە باشەکان سەرسام بکات تاکوو ڕۆژێکی باشتریان هەبێت. ئەم دوانە لە گفتوگۆیەکی درێژدا لەبارەی شێوازی ئەمازۆن و کۆمپانیا گەورەکانی تر بۆ سەرسامکردنی کڕیاران و هۆکاری ڕووخانی کۆمپانیا گەورەکان قسە دەکەن.

**ئیستمان کۆداک**

سەنشاین مێژووی بەناوبانگترین کۆمپانیای وێنەگری واتە ئیستمان کۆداک دەگێڕێتەوە کە لە ساڵی ١٨٨١ لەلایەن جۆرج ئیستمانەوە بە ناوی کۆمپانیای ئیستمان کرایەوە. ئیستمان پەیڕەوی لە چوار بنەمای یەکخستوو دەکرد:

١ .نرخی بەرهەمەکانت ئەوەندە نزم بهێڵەرەوە کە کڕیاران بە بەسوودتری بزانن.

٢ .هەمیشە سەرەتا کاڵا نمایش بکە و پاشان بیفرۆشە.

٣ .یەکەم کەس بە کە لە تەکنەلۆژیا نوێیەکان سوود وەردەگریت.

٤ .گوێ لە بۆچوونی کڕیار بگرە.

لە ساڵی ١٩٧٦دا، کۆمپانیای ئیستمان کۆداک ٩٠٪ی فیلمەکانی کامێرا و ٨٥٪ی کامێراکانی ئەمریکای دەفرۆشت و هێشتا لە گەشەدابوو. لە ساڵی ١٩٨٨دا، ئەم کۆمپانیایە ١٤٥ هەزار کارمەندی لە سەرتاسەری جیهاندا هەبوو و لە ١٩٩٦دا داهاتەکەی گەیشتە ١٦ ملیار دۆلار؛ بەڵام لە ساڵی ٢٠١٢دا ئیفلاسی کرد؛ چونکە ئیتر پابەندی بنەماکانی سێیەم و چوارەم نەبوو. کۆداک لەجیاتی پێشەنگ بوون لە گەشەپێدانی وێنەگریی دیجیتاڵیدا، دەستی بە ڕیشە و بەرهەمە سەرەکییەکەی خۆیەوە واتە فیلمی کامێراوە گرتبوو و هەرگیز گرنگیی بە بۆچوونی کڕیاران نەدا کە بەرەو وێنەگریی دیجیتاڵی دەچوولان.

**مەلەکردن، شەپۆلسواری، نوقمبوون و کەشتیوانی**

پوبا دەڵێت چوار جۆر مرۆڤ لە زەریای ژیاندا نیشتەجێن: مەلەوانان، شەپۆلسواران، نوقمبووان و کەشتیوانان.
مەلەوانان هەرچییەک بەرەو ڕوویان بێت قبوڵی دەکەن و لەگەڵ جریانی ئاودا پێش دەکەون. شەپۆلسواران یەک لە دوای یەک لەسەر شەپۆلەکان سوار دەبن و چاوەڕێی سواربوونی شەپۆلی گەورەی دواترن. شەپۆلسوارە پیشەگەرەکان ڕەوتی تایبەت هەڵدەبژێرن؛ بەڵام وردە وردە بەرەو خوار دەکێشرێن. نوقمبووان دەگرین و سکاڵا دەکەن؛ بەڵام بە هیچ کوێ ناگەن. کەشتیوانان سەرکەوتوو دەبن؛ چونکە کەشتییەکە لەسەر بنەمای بنەما یەکخستووەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن و دەزانن چۆن لە ئامرازی بەردەست سوود وەربگرن.

کاتێک کۆمپانیاکان بنەما یەکخستووەکانی خۆیان لەبیر دەکەن و ڕێکخراوەکەیان وەک کۆمەڵێک بەش و پارچە دەبینن نەک وەک یەکەیەکی یەکگرتوو، تێکدەچن و شکست دەهێنن. بەشبەشی لەجیاتی گشتگیری دەبێتە هۆی جەنگی دەسەڵات، تاوانبارکردنی ئەوانی تر و لە کۆتاییدا وازهێنان لە کار.

**بنەما یەکخستووەکانی ئەمازۆن**

کۆمپانیا گەورەکانیش وەک کەشتیوانان بنەمای یەکخستوویان هەیە. ئەگەر ئەم پێوەرانە وەلا بنێن، شکست دەهێنن. هەر کۆمپانیایەک کڕیارانی خۆی دیاری دەکات و هەوڵی دڵخۆشکردنیان دەدات؛ بەڵام کاتێک پێداویستی و ویستەکانی کڕیاران لەبیر دەکات، شکست دەهێنێت. بنەما یەکخستووەکان لەگەڵ بەیاننامەی ئەرکدا جیاوازن. بەیاننامەی ئەرک ئەو شتەیە کە دەیڵێیت؛ بەڵام بنەما یەکخستووەکان ئەو کارانەن کە ئەنجامیان دەدەیت. کردار لە قسە گرنگترە.

ئەمازۆن بنەما یەکخستووەکانی خۆی بە "چوار ستوونی بەردین" ناو دەبات. ئەم بنەمایانە بریتین لە: کڕیار-تەوەری، باشترکردنی بەردەوام، دروستکردنی کولتووری داهێنان و جووڵەیی کۆمپانیا. ئەم بنەمایانە تایبەتمەندییەکانی براندی ئەمازۆنن. ئەمازۆن لە سێ مانگی کۆتایی ساڵی ٢٠٠١دا بە پێنج ملیۆن دۆلار قازانجی پوخت گەیشتە قازانج. لە ساڵی ٢٠١٥دا گەیشتە فرۆشی ساڵانەی ١٠٠ ملیار دۆلار و بانگەشەی ئەوەی کرد کە ٥٠ لەسەدی بازرگانیی ئەلکترۆنیی دنیای لەدەستدایە.

هەندێک کەس دەڵێن ئەمازۆن قازانجی نییە. پوبا ئەم ڕەخنەگرانە بە "شیرینیخۆر" ناو دەبات. ئەم دەستەواژەیە لە تاقیکردنەوەیەکی بەناوبانگی دەروونناسیی لە زانکۆی ستانفۆرد لە دەیەی ١٩٦٠دا وەرگیراوە کە لێکۆڵینەوەی لەسەر چێژی خێرا لە بەرامبەر چێژی دواخراودا کردووە.
دەروونناسانی زانکۆی ستانفۆرد بە منداڵانی چوار و پێنج ساڵەیان وت کە دەتوانن شیرینییەک یەکسەر بخۆن؛ بەڵام ئەگەر ١٥ خولەک چاوەڕێ بکەن دەتوانن دوو شیرینی بخۆن. چەند ساڵێک دواتر،

دەروونناسان تێگەیشتن ئەو منداڵانەی کە چاوەڕێیان کردبوو، پلەیەکی بەرزتریان لە تاقیکردنەوەی وەرگرتنی زانکۆدا هەبووە، لێهاتوویی کۆمەڵایەتیی باشتریان هەبووە، توانای باشتریان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ستریس هەبووە و ڕێژەی کەمتریان لە قەڵەویی زۆر و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەردا هەبووە. پوبا دەیوت جێف بێزۆزی ئەمازۆن، مارک زوکەربێرگی فەیسبووک، ستیف جۆبزی ئەپڵ، هاوارد شوڵتزی ستارباکس و جولیۆس ڕۆزنوۆڵدی سیرز "شیرینیخۆر" نەبوون، بەتایبەت ڕۆزنوۆڵد کە سیرزی گەڕاندەوە بۆ شکۆی پێشووی خۆی.

CHAWSKY

**کڕیار-تەوەری**

کاتێک جێف بێزۆس ئەمازۆنی دامەزراند، بە "گەورەترین کتێبفرۆشیی دنیا"ی ناوبرد. زۆربەی ڕەخنە و پێداچوونەوەی کتێبەکان لەلایەن کارمەندانی کۆمپانیاوە دەنووسران و بێزۆس لێیان داوا دەکرد ڕاشکاو و ڕاستگۆ بن. ڕەخنە نەرێنییەکان نووسەران و بڵاوکەرەوەکانیان تووڕە دەکرد؛ بەڵام بێزۆس یارمەتیدانی کڕیارانی بۆ وەرگرتنی بڕیاری کڕینی باشتر بە ئەرکی خۆی دەزانی و هەر ئەمەش بنەمای کڕیار-تەوەرییە.

کۆمپانیای فۆڕێستەر ڕیسێرچ کۆمپانیا حکومییەکان لەسەر بنەمای ڕەفتاریان لەگەڵ کڕیاراندا پۆلێن دەکات. ئەم کۆمپانیایە ١٠ لە باشترینەکان و ١٠ لە خراپترین کۆمپانیاکان لەسەر بنەمای پێوەری S&P 500 وەک "ڕێبەرانی ئەزموونی کڕیار" و "بێتواناکانی ئەزموونی کڕیار" دەناسێنێت. پێوەری S&P لە ساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠١٣، ١٤.٥ لەسەد بوو. پشکی ڕێبەران گەیشتە ٤٣ لەسەد و پشکی بێتواناکان بۆ ٣٣.٩ لەسەد دابەزی. کڕیار-تەوەری پەیوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵ نرخی پشک و سەرکەوتندا هەیە.

**باشترکردنی بەردەوام**

ڕیچارد کێسلەر خاوەنی دوکانێکی جەواهرفرۆشی بوو لە بازاڕێکی قەرەباڵغی مێنۆمۆنی فۆلز لە باکووری میلواکی. زۆربەی جەواهرفرۆشەکان نرخەکانیان بەرز دەکردەوە و کڕیاریان ناچار بە چەنەدان دەکرد؛ بەڵام کێسلەر کاری وای نەدەکرد. ئەو گرنگیی بە کڕیاران دەدا و بە نرخە دادپەروەرەکان قازانجێکی لۆژیکیی بەدەست دەهێنا. ئامانجی تەنها فرۆشتن و داشکاندن نەبوو؛ بەڵکو گەرەنتییەکی ڕوونی جادوویی بە کڕیاران دەدا. کێسلەر ئەڵماس و بەردە بەنرخەکانی تری تا هەتایە گەرەنتی دەکرد. ئەگەر ئەڵماسێکت ون بکردایە، بە بێبەرامبەر جێگەی دەگرتەوە و پێش ئەوەی کارمەندەکانی لە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لەگەڵ کڕیاراندا دابنێت، دوو مانگ فێرکاریی پێدەدان.

پاشان هانی دەدان خۆیان بڕیار بدەن. کێسلەر بە کارمەندەکانی دەوت، هەرچەندە نرخ قابل چەنەدان نییە؛ بەڵام کڕیاران بەدوای ئیمتیازی بچووک و گەورەی ترەوەن. بەم ترتیبە، کارمەندان ناچار نەبوون پێش هەر کردارێک بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی کڕیار لەگەڵیدا ڕاوێژ بکەن.

کاتێک کێسلەر دووەم دوکانی خۆی لە میلواکی کردەوە، یەکێک لە کارمەندان ویستی دەستشۆرەکە شیکتر بکات تاکوو بۆ کڕیاران ئاسوودەتر بێت و هەست بکەن لە دەستشۆری ماڵی خۆیاندان. کێسلەر ٤٠٠ دۆلاری بۆ شیککردنی دەستشۆرەکە خەرج کرد. کاتێک کارمەندانی دوکانە سەرەکییەکە لە مێنۆمۆنی فۆلز ئەم چیرۆکەیان بیست، ڕوویان کردە ڕووناککردنەوە و دیکۆری سەرنجڕاکێشی کریسمس و کێسلەریش هانی دان. دە کەس لەسەر پلیکانە و بەرزکەرەوەکان چوون بۆ دانانی چراکان، شەش کەس خلیسکێنەیان پڕ لە دیاری کرد و لە شوێنە گونجاوەکاندا دایاننان و چەند تیمێکیش شەمەندەفەری هەشت ئاسکی باکوورییان بە قەبارەی ڕاستەقینە ڕاخست. تێچووی ئەم ئامادەکارییانە گەیشتە ٣٦ هەزار دۆلار؛ بەڵام کێسلەر هەستی دەکرد سەرمایەگوزارییەکی گەورەی کردووە. کێسلەر بە فرۆشتنی ئەڵماس لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا ئەم بڕەی گەڕاندەوە بۆ گیرفانی کۆمپانیا. هەموو کەناڵە تەلەفزیۆنییەکانی میلواکی ڕاپۆرتیان لەسەر ئەو کۆمەڵە ئۆتۆمبێلە بڵاو دەکردەوە کە بۆ بینینی ئەم نمایشە جوانە ڕیزیان بەستبوو و سەرۆکی شارەوانیی میلواکی خەڵاتی جوانکاریی شاری بەم براندە بەخشی.

**دروستکردنی کولتووری داهێنان**

پێش ئەوەی جیم کالینز کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی بە ناوی "لە باشەوە بۆ نایاب" بڵاو بکاتەوە، جێف بێزۆس لێی داوا کرد لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرە باڵاکانی ئەمازۆن لە ساڵی ٢٠٠١دا بەشداری بکات. کالینز بە بەڕێوەبەرانی ئەمازۆنی وت کە چەرخێکی گەورە و قورس وێنا بکەن. ئامانجیان ئەوە بوو کە ئەم چەرخە قورسە بسووڕێنن (کە لە سەرەتادا قورس دەردەکەوت) و پاشان بیخەنە جووڵە. بێزۆس نرخی هەرزانتری بە چەرخی ئەمازۆن دەزانی کە دەبووە هۆی سەردانی زیاتری کڕیاران لە سایتەکە، فرۆشی زیاتر و لە ئەنجامدا تێچووی جێگیر و کارایی باشتر. ئەم ڕەوتە بووە چەرخێکی بەسوود کە نرخەکانی ئەمازۆنی هەروا نزم هێشتەوە و فرۆشیارانی زیاتری هان دەدا کە لە هەر فرۆشێکی خۆیان بە ئەمازۆن کۆمیسیۆن بدەن.

هەروەها ئەمازۆن بە پێشوازیکردن لە شکست کە هەموو کۆمپانیاکان لێی دوور دەکەونەوە، کولتوورێکی داهێنانی دروست کرد. زۆرێک لە ڕێبەرانی کۆمپانیاکان دەڵێن عاشقی داهێنانن؛ بەڵام حەزیان بە قبوڵکردنی شکستە پێویستەکانی ڕێگەی داهێنان نییە. بێزۆس تاقیکردنەوە و هەڵەی هان دەدا و باوەڕی وابوو دوو هێندە بوونی ئەزموون، شانسی داهێنانیش دوو هێندە دەکات.

**بڕیارەکانی جۆری ١ و ٢**

کارەکان ڕووبەڕووی دوو جۆر بڕیار دەبنەوە. بڕیاری جۆری ١ بە وردی وەربگرە؛ چونکە ڕەنگە گێڕیت خواردبێت. کاتێک ئەم بڕیارە دەدەیت، ئیتر ڕێگەی گەڕانەوەت نییە. لە بڕیارەکانی جۆری ٢دا دەرگا بەسەر دوو لادا دەکرێتەوە و دەتوانیت هەڵبژاردنی خراپ ڕاست بکەیتەوە. کاتێک کۆمپانیاکان بە ڕەوتی بیرکردنەوەی وردی جۆری ١، بڕیارەکانی جۆری ٢ وەردەگرن، وەستاو دەمێننەوە. ئەم کارە جووڵە خاو دەکاتەوە و توانای مەترسی کردن کەم دەکاتەوە.

کاتێک بێزۆس لە ساڵی ٢٠١٦دا لەگەڵ تیمۆسی بی لی لە تۆڕی فۆکس چاوپێکەوتنی کرد، وتی کە باوەڕی بە ستانداردکردن نییە. ئەندامانی تیمەکەی دەبێت سەربەخۆ کار بکەن. ئەو ئازادیی بە خەڵکەکەی دەدا تاکوو لە باشترین تەکنەلۆژیا و سەرچاوەکانی خۆیان سوود وەربگرن. هەر ئەم بابەتە نیشانی دەدات کە ئەمازۆن شوێنێکی کاری پڕ لە سترێسە. ئەندامانی هەر تیمێک ناتوانن بە ئاسانی تیمی خۆیان جێبهێڵن و بچنە سەر پرۆژەیەکی تر، چونکە کولتووری ئەمازۆن کولتووری تیمە پسپۆڕەکانە. ئەمازۆن کاتێکی زۆر بۆ تاقیکردنەوەی تیۆری خەرج ناکات، بەڵکو بەرهەمەکانی پێشکەش دەکات تاکوو ببینێت ئایا بیرۆکەکانی سەر کاغەز لە دنیای ڕاستەقینەشدا بەهایان هەیە یان نا.

**جووڵەیی کۆمپانیا**

بێزۆس بە بەکارهێنانی یاسای دوو پیتزا، ئەمازۆنی چالاک و خێرا ڕادەگرێت. ئەو ئەوەندە تیمەکان بچووک ڕادەگرێت کە دوو پیتزا بۆ هەموو ئەندامانی تیمەکە بەس بێت. تیمی بچووکتر یەکسانە بە بڕیاردانی خێراتر کە پلەبەندیی هیرارشی و دەستوپێگری کۆمپانیا گەورەکان جێگەی تێدا نابێتەوە.

هەندێک کۆمپانیا بە شێوازی چوار ستوونی کار دەکەن. ئەوان لەجیاتی تەرکیزکردن لەسەر ستوونی یەکەم واتە کڕیار-تەوەری، تەنها لەسەر ڕێکخراوەکەی خۆیان تەرکیز دەکەن. لەجیاتی بەکارهێنانی ستوونی دووەم واتە باشترکردنی بەردەوام، بارودۆخی ئێستا دەپارێزن و لە هەموو جۆرە مەترسییەک دوور دەکەونەوە. لەجیاتی تەرکیزکردن لەسەر ستوونی سێیەم واتە دروستکردنی کولتووری داهێنان، تەنها بەدوای لاساییکردنەوەی ڕکابەرەکانەوەن و لەجیاتی

کارکردن لەسەر چوارەم ستوون واتە جووڵەیی کۆمپانیا، بەرپرسیارێتیی هیچ کردارێک لە ئەستۆ ناگرن و هەمیشە ئەوانی تر بە تاوانبار دەزانن.

**کۆستکۆ**

کۆمپانیای فرۆشیاری کۆستکۆش وەک ئەمازۆن نموونەیەکی باشە لە جووڵەیی کۆمپانیا. لە ساڵی ٢٠١٧دا، وۆڵمارت ١١,٥٢٨ فرۆشگای هەبوو، لە کاتێکدا ژمارەی فرۆشگاکانی کۆستکۆ لە سەرتاسەری دنیادا تەنها ٧١٥ دانە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دوای وۆڵمارت و ئەمازۆن، پلەی سێیەمی لەنێوان کۆمپانیا فرۆشیارە ناسراوەکانی دنیادا هەبوو. کۆستکۆ زیاتر لە هەر فرۆشیارێکی تری دنیا گۆشتی نایاب، خۆراکی ئەندامی، مریشکی سوورکراوە و شەراب دەفرۆشێت.
کۆستکۆ بە پێچەوانەی قەبارە گەورەکەی، وەک کۆمپانیایەکی بچووک کار دەکات. زۆربەی کات بەڕێوەبەرانی کۆمپانیا لەوانە بەڕێوەبەری جێبەجێکار واتە دەبلیو. کرەیگ جێلینێک، خۆیان وەڵامی تەلەفۆنەکان دەدەنەوە. تێچووە لاوەکییەکانی کۆستکۆ ١٠ لەسەدی داهاتی ئەم کۆمپانیایەیە، لە کاتێکدا ئەم برە بۆ وۆڵمارت ٢٠ لەسەدە. کۆستکۆ مووچەی زیاتر بە کارمەندەکانی دەدات و بە پێشکەشکردنی کۆمەڵەیەکی سنوورداری بەرهەمەکان، خۆی ڕادەگرێت. بنەمای سەرەکیی کۆستکۆ "ئەنجامدانی کاری دروست"ە.
کۆمپانیاکە بەم یاسا زێڕینە بەردەوامە لە جووڵە و کارمەندان هەوڵ دەدەن خۆیان لەگەڵ ئەم پێوەرەدا بگونجێنن.
کارمەندان دەڵێن خەڵک هەموو ڕۆژێک پێناسەی سیاسەتە کڕیار-تەوەرەکانی کۆمپانیا دەکەن؛ بۆ نموونە کاتێک کۆستکۆ تێگەیشت بلوزێک کە وەک ١٠٠ لەسەد ئاوریشم ڕیکلامی کردووە، ئاوریشمی نەبووە، لەگەڵ هەموو کڕیاراندا پەیوەندیی گرت و پارەکەیانی گەڕاندەوە.

**ڕیکلامی دەم بە دەم**

باشترین کتێبەکانی کار چوار تایبەتمەندیی هاوبەشیان هەیە: "بیرۆکەیەکی گەورە"؛ "وردەکاریی کرداری" وەک نموونەکان، شێوازی ئەنجامدانی کارەکان و ڕوونکردنەوەی هەنگاو بە هەنگاو؛ "هۆکارێکی سەرگەرمکەر"؛ و "هیوا" کە دەبێتە هۆی گۆڕانی خوێنەر. ئەم چوار تایبەتمەندییە بنەمای سەرکەوتنی کارەکانیشن.
ئەمازۆن لەبەر ئەم هۆکارە سەرکەوتووە کە بێزۆس گرنگییەکی زۆر بە بیستنی دەنگی کڕیار و داهێنان دەدات، تەنانەت ئەگەر هەندێک لە داهێنانەکان تووشی شکست ببن. بێزۆس چاوەڕوانی ئەوەی هەیە زۆربەی داهێنانەکان تووشی شکست ببن. ئەو ئەم شکستەکانە بە هۆکاری گەشەی هەمیشەیی دەزانێت. پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی نایاب بە کڕیاران خۆی بە خۆی نابێتە هۆی ڕیکلامی دەم بە دەم. کۆمپانیاکان بە دوورکەوتنەوە لە بەڵێنی درۆ و هەوڵدان بۆ دڵخۆشکردنی کڕیار، دەبنە هۆی ڕیکلامی دەم بە دەمی ئەرێنی. کارە تایبەتەکان لە دیزاین و جێبەجێکردندا و هەروەها دڵفراوانیی کۆمپانیا دەبنە هۆی ئەم ڕیکلامە ئەرێنییە.
کاتێک کۆمپانیاکان شتێک ڕیکلام دەکەن کە وا بیر دەکەنەوە دەبێتە هۆی شادیی کڕیار، هۆکاری سەرسامبوون و ڕیکلامی دەم بە دەمی بەرهەمهاتوو لەم سەرسامبوونە لەدەست دەدەن. ڕیکلامی خراپ تەرکیزی لەسەر خودی کۆمپانیا یان بەرهەم و خزمەتگوزارییەکانیەتی؛ بەڵام ڕیکلامی باش تەرکیزی لەسەر کڕیارە.

"پێناسەی چیرۆکەکانی کڕیاران" ئامرازێکە کە کۆمپانیا سەرکەوتووەکان بەکاریدەهێنن تاکوو سیستەمێک دیزاین بکەن کە کارە گرنگەکان هەڵسەنگێنێت و کارە بێ بەهاکان پشتگوێ بخات. ئەم کۆمپانیایانە لەسەر چوار ستوونی سەرەکی کار دەکەن و تەرکیز، یەکێتی، توانای هەڵسەنگاندن و بەرپرسیارێتیشی بۆ زیاد دەکەن. چیرۆکی کڕیاران بە دیاریکردنی کڕیاران و دروستکردنی ئەزموونێکی نایاب بۆ ئەوان دەست پێدەکات.